## پڕۆژەی حەزە ووردیلەییەکان .......32



# شەوی تینوو

## جەزا چنگیانی

ئەوشەوەی کە تۆ تینوو بوویت منیش وەك تۆ...نە من تینوی ئاوی سازگاری بنبەردەکانی قەندیل و سلیمانی بووم .نە تۆش تینوی سازگارتیرن کانیاوی شارە پڕماچ وسێکسیە ڕۆمانسییەکەی سان پیترسبۆڕگ بوویت . ڕۆح وگەرووی حەزی ووشکت لێوی بێ ماچی چەند مانگەت تینوی ئاوێکی لینجی کەمێك سۆرير بوو.سەيرە مرۆڤ چۆن تینویتی بە ئاوی سویر دەشکی؟؟ لە تۆی شەیدا زیاتر؟ من تۆم بینی تۆش منت



بینی هەردووکمان تەنیا و هەردووکمان تینوو.من تینوتیم بەڤۆدگا دەشکان و تۆش بە شەمپانیا وەلی هەردووکمان هەر تینوو بووین . تینووی تەڕایی کانیاوە ئەفساناوییەکانی جەستەی مرۆڤ بووین. کە

**تەڕترە لە قوڕگی بتڵی ڤۆدگاکەی من و شەمپانیاکەی تۆ.کە حەزت پەلی منی گرت و لە گۆڕەپانی سەماکەدا بۆین بە جەستەیەکی دوو ڕەنگی.بە ئەسپای و نازەوە .. دەمت نا بەلای گۆیمەوە . ووتت زۆر دەمێکە تینوی ئاوی سۆیری ناو گەڵی تۆم ئیمشەو تینویتم دەشکێنی؟منیش ووتم زۆر دەمێکە تینوی چەند دڵۆپ شەمپانیای نێو ناوك و تووکە ئاڵۆسکاوەکانی بەرمووسەڵانی تۆم ئیمشەو تینوتیم دەشکینی؟؟؟؟هەردووکمان یەك پرسیارامان کرد چونکە هەردووکمان ......تینوی یەك بووین ....**

**سان پیترسبۆڕگ** 25/12/2006

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de